# راو

## پێشەکی

هۆنراوەی( ڕاو)ی  مێهدی ئەخەوان سالێسم دەست کەوت زۆرم بە دڵ بوو. ماوەیەک بیرم لێ کردەوە کە وەری گێڕمە سەر زمانی کوردی و لە ئاکامدا ئەو کارەم وە ئەستۆ گرت. هەوڵم داوە سەبکی هۆنراوەکە کە خۆراسانی یە،  نەگۆڕدرێ و هەروەها لە سەر هەمان کێشیش بڕوات. ئەم هۆنراوە بە هۆیەکی نادیار زۆر نزیکایەتی هەیە لەدەروونی من و فرەتر ، ئەوهەستە هانی دام بۆ وەرگێڕانی. ڕەنگە خۆشەویستی و ڕێزی فراوانی من بۆ سرووشت ودژایەتی لەگەڵ ڕاو و ڕاوچی ، هەمان هۆکار بێت کە منی هاندا بۆ خۆش ویستنی ئەم هۆنراوە و بە تایبەت ئاکامە تراژیدیاکەی.

لە دنیاییێکدا کە ڕۆژی ملوێنان بوونەوەر دەبن بە قوربانی بۆ ویستی مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا هی وا هەن کە داکەوتنی گەلایەک تەواو دەیانهەژێنی ، ئەم دژایەتی یە هەموو هێڵەکانی لە سرووشت دا ، بەزاندووە و  مرۆڤی بە گشتی هان داوە کە لە پێناوی ئامانجەکانی خۆی هەموو شتێکی قوربانی کردووە.

هیوادارم ئەوەی کە ئەم هۆنراوەشی بەرچاو دەکەوێت، ئەو باسەی لە بەر چاو بێ کە لە سەر وەرگێڕانەکەی کردم و زۆریشم پێ خۆشە ئاگاداری رەخنەی ئەو خۆشەویستانە بم کە زەحمەتی خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە بە خۆیان دەدەن .

شایانی باسە کە ئەم هۆنراوە لە کتێبی **زمستان** ی ئەخەوان دا هەیە و بە بڕوای من لە باری سەبک و ناوەرۆکیش , دەتوانم بڵێم یەکێک لە شاکارەکانی ئەخەوانە.

بەو هیوایە ئەم کارە شیاوی ئەوە بێت کە شوێنێکی بچووک لە کتێبخانەی کوردی دا بۆ خۆی بکاتەوە.

**حەسەن شافیعی – سەقز ١٣٦٤**

# ڕاو

بەیان دەرکەوت بە دیمەنێکی مەیلە و تاڵ
پیرە ڕاوچی خەزێنەی ئەزموونی کۆنساڵ
بە خەنجەر و تفەنگی شان و کۆڵی پشت
ڕوو نەشۆراو بە نیازی ڕاو دەرچوو لە ماڵ

جەنگەڵ هێشتا لە نێو کەژاوەی بەیانا
لە خەودایە و سینگی نوێنی ڕازەکانە
بەڵام بەیان ئەنگێوەکانی دارستان
بە چریکەیان هەواڵ ئەدەن وا بەیانە

تا دڕندە و مەلانی شاری سەوزە پۆش
لە مەستی خەو چاوی خەواڵوو هەڵ بێنن
بە وێنەی ڕۆژانی پێشوو شارەکەیان
بە بڵێسە و پشکۆی ژیان داگیرسێنن

دیسان پڕ بوو لە باوێشک و گرمە و هەرا
خەونی گران لە کە للەی دارستان دەرچوو
پیرە ڕاوچی خۆیَ و تفەنگی سەر شانی
هاوکات بە دەرکی دارستان گەیشتبوو

لەو شوێنە وا باڵای تاڤگە چەشنی نەینۆک
پڕ لە وێنەی هەزار ڕەنگی دارستانە

کێوێک سەری ناوەتە سەر سەرینی هەور

هەور جوانی و شکۆی داوە بەو کوێستانە

ڕاوچی:

ئای دەستم سڕ بوو دەستت بۆ وا تەزیوە؟

نەکا بڵێی زەمهەریرم چاوێنەیە

دیارە ئەمن پیرم بێ تین و تاو و گوڕ

بەڵام ژەهری تەزیوی تۆش بێ وێنە یە

هاوسێی مێژینەم ئەی تاڤگەی چیاوی سارد

ئەمڕۆ دیسان ئاهەنگی ڕاوم لێ داوە

نەخۆشەکەم چاوەڕوانی گەڕانەوەم

وا لە نوێندایە و برستی لێ بڕاوە

ئێستا نێچیرەکەم بزنە کێوی ساوا

لە ژێر سێبەری دار بەڕوو ڕا کشاوە

شاخەکانی وێنەی دوو لقی بێ گەڵا

بە شکۆوە سەر و ملی لێ هەڵداوە

چاوی ڕەش و بزەی گەشی شاد و وریا

پەڕاوپەڕی چۆڵایی دارستان ئەدڕی

تاونەتاوێ سە رنجێ، ئاوڕی، بەڵام

نیگای دیسان لە دیمەنی دڵخواز ئەبڕێ

نیوەڕۆژێک یاری لەگەڵ هاوڕێیانی

له هەر شوێنێ دڵخواز لەوەڕێ، تێر بوونێ
کاتێ نیوەڕۆ تینووتر له شۆرەکات
بە ڕەوتی جوان بەرەو ناو دۆڵی کپ چوونێ

لەو شوێنە وا باڵات بەرەو بناری کێو
ڕازێنەری چیمەنی سەوزی بن شیوە
خوڕەی کەفی زێوینت بە دیمەنێ جوان
پڕ لە شەپۆل سینگی دەشتی دادڕیوە

نێچیرەکەم دێ جەرگی گەرم و ئاگرین
من و حەشارێکی لە پووش و دار و بەرگ
هێندە کە تێراو دەبێت و سەر هەڵدێنێ
ویزەی گوللەم لە گوێیدا ئەچرپێنێ: مەرگ

هاوڕێیانی هەڵدێن وەک با بە لەرزە لەرز
بەڵام ئەو ڕا دەکشێ و سمکۆڵ دەکا لە خۆڵ
لە قووڵایی شیوا کە پەستووی جەنگەڵە
بێ دەنگی زاڵ ئەبێ لە دۆڵی سارد و چۆڵ

پاش ماوەیەک دیسان هەرا و گرمە و چریکە
وەکوو ئەوەی ڕووداوی وا ڕووی نەداوە
جەنگەڵ، دایەپیرەی لەبیر بەری پرچ سەوز
گوێی لە ئاستی ناڵەی کۆرپەی دا ، خنراوە

کاتێ ئێوارەیە و وڵات هێشتا ڕوونە

ڕێ ئەکەوم هیلاک و هەناسە بڕیو
لەگەڵ لاشەی بزنە کێوی ساوای شانم
نەشۆراو دەیخەمە بەر پێت تاڤگەی تەزیو

ورد ورد  بە مرواری زوڵاڵ و ڕوونی تۆ
لەشی لە ژوور و دەر خاوێن ئەکەم بە ئاو
دەیشۆمەوە هەر وەکوو دیوتە هەزار جار
چەشتووتە لە دەستم چێژی گەلێک خوێناو

خوێنی شین و کەوە لە گورگی کۆنەساڵ
خوێنی زوڵاڵی جوانە  پڵەنگی ناسک
خوێنی ڕەشی گۆڕی کز و لاواز و گەڕ
خوێنی ڕوونی لاشەی نەرمی گەرمی ئاسک

جیرانی کۆنم ئەی تاڤگەی چیاوی سارد
تا لە سەفەری ئەمڕۆم ئەگەڕێمەوە
بە تاو بڵێ بۆ هیچ لایێ تر نەڕوانێ
بزەی گەرمی لە ڕوخسارت نەدزێتەوە

بەڵکوو تینی گەرمی لەشت داگرێنێ
ئەی تاڤگەی سارد من ئیتر توانام نەماوە
جەنگەڵ بەرەو دەرگای پاییز هەنگاو دەنێ
لەشی منیش لە لێواری گۆڕ وەستاوە

لە ڕاوی ئاخرم ئەی مەخمەڵی سپی

مێ کەروێشکی دڵ سفت و پڕ لە ئارەزوو

مانگ و نیوێ تێپەڕ بووە، وە بیرت دێ؟

ئاوی ئەوجاریشت بە وێنەی تەرزە بوو

ئیتر مەودای ڕاو و سەفەری لێ سەندم

کوڕی چالاکم ، ڕۆڵەی بێ حەسانەوە

ئەو ڕۆژەش داخەکەم لە ئیشی بەجێ ما

من و نێچیری بەرەو ماڵ گەڕانەوە

پیرە ڕاوچی نوقمی خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگ

سەرگەرمی شۆردنی سەر و ڕوومەت و زار

ئاو لە لێواری سمێڵی نم نم دەتکا

چۆڕچۆڕ لە ژێر کەڵپۆس و ریش ئەهاتە خوار

تەڕی کرد گوێ و پەنا ملی وێنەی دەستنوێژ

بە دەستی چەپ پڕ بالووکە، چین لە سەر چین

ڕازاوە بە خشڵ ئەنگوستیلەی قامک

ئەڵقەی تەلی ساکار و پیرۆزەی نگین

دەست و ڕوومەتی دەشۆرد و هەزار دەرگای

لێ دەکراوە ، بەرەو باغی خەیاڵی دوور

تاڤگەش جیرانی مێژینەی ڕاوکەری پیر

دەشنایەوە هەر بە وێنەی ئاڵای بلوور

نەرم و نم نم لە هەوری تـاڵی نیوەشەو
گۆنای تەڕی جەنگەڵ هەزار چاوگەی بلوور
لە خۆشی دەست بە سەر هێنانی تـاوی زێڕ
پڕ بوو لەشی  لە شادی یەکی بێ سنوور

لە چەشنی خەرمانێک پڕ لە بڵێسەی سەوز
چەن دەماری زەرد لە قەراخی ئالابوو
لە دیمەنی بەهارانەی ئەم تابلۆدا
تـاوتـاو وێنەی پاییزی ئاشکرا ئەبوو

لە  ناو دنیای مەندی ڕووداوەکانی زوو
ڕاوچی ، نوقمی بیر و خەیاڵ، ڕێگای ئەبڕی
هەر هەنگاوێک لە کووچەکانی ئەم شارە
یادێکی کۆن تۆزی سەر ڕوومەتی ئەسڕی

لەو کاتەدا پڵەنگێ لە شوێنێکی  بەرز
هێرشی بۆ سەری هاوڕێکەی بردبوو
گوللەی بێ هەڵەی مێشکی پڵەنگی پژاند
بەڵام بە داخەوە هاوڕێکەی مردبوو

لێرەدا گەیببوو بە دارشکێنێ لاو
هاوکات لە گەڵ ماندوو نەبینی دارشکێن
تەڵزمێک بە فڕکە هەڵات لە چنگی تەور
ناو چاوانی  پیرە ڕاوچی  نەخشاند بە خوێن

لێرە گەییبوو بەو دڵۆپە خوێنانە

بە دوای ئەم شوێنەدا ڕێگایێکی لێ بوو

ناونیشانی مەرگی لە سەر بەفرا دیبوو

شوێنەواری چەن پێ ، کە دوورڕۆ کەوتبوو

لێرە نەبوو داوی بۆ نێچیر دانابوو؟

بە عاستەم و هێدی ئەڕۆیی و ڕێی ئەبڕی؟

لە پڕ کەوتە چاڵاوێک و هاواری کرد

بەڵام نێچیر بیستی و وەکوو مەلێ، فڕی

**************

نیوەڕۆیە، ناو شیو پڕ لە هەناسەی خۆر

نوقمی خۆشی و ڕووناک و دڵڕفێن و گەش

وێنەی کۆلانێکی گەورەی پڕ لە بەهار

لە شارێکی سەوزەپۆشا، بێ خۆڵ و هەش

کۆمەڵی ڕێبوار لەم کۆلانە گەورەدا

لە نێو بەرگی سەوزی خۆیاندا ڕاوەستاو

هەر وەکوو بانگەوازی جێژن کرابێ

خێڵی ڕێبواری سەوزی گوێ گر، قەتیس ماو

هەسێڵەکەی پڵەنگ و ئاسک و گۆڕ و مەڕ

لە بن شیوا لەشی بڵاو کردۆتەوە

لە چیمەنی لێواری، بزنە کێوی یەکان

ئاگادار نین چییان بە سەردا دێتەوە

تێر و تەسەل لە سەر چیمەنی دەشتی سەوز

بە ڕەوتی جوان لە ژێر گزنگی خۆرەتاو

بە ئارەزوو ڕا ئەبوێرن ، بەڵام تاوتاو

تینوویەتی دەیان ڕفێنێ بەرەو ئاو

لەو بەر ڕووبار، حەشار دراو لە پشت گەڵا

کەمینی پیرە ڕاوچی یە و تفەنگی دەست

چاوی تفەنگ هەواڵبەری مەرگێ لە پڕ

چاوەڕوانە ،بەرهەم بێنێ بەری مەبەست

ڕاوچی:

بەری ئەزموونی هەشتا ساڵ ، وەها دەبێ؟

تفەنگی بێ فیشەک؟ ڕە ببی لە ناو بچێ

ئای ئەگەر خوا نەخواستە دەرچی بە هەڵە'...

ئەم ئاخر فیشەکەت؟.. هاواری کرد ڕاوچی

نە خورپەخورپی دڵ، نە دەستم دەلەرزێ

هێشتا هەڵەی تیرێک لە من ڕووی نەداوە

فیشەکدان خاڵی یە، تفەنگ و تاکێ تیر'..

ئەی کوا هەشتا ساڵ ئەزموونم ، ڕووی گەشاوە

ڕاوچی:

ئەوا دەرکەوت و هات بزنە کێوی دڵخواز

لە پڕ شریخەیەک هات و تیرێ دەرچوو

بزن ئەم دەنگەی بیستبوو یا نا ، فیشەک
لە سەر شآنی نیشت و بە پاڵی دا ڕۆ چوو

هاوڕی یەکانی بە پەلە و لەرزۆک وەک با
هەر کام بە گورجی ڕێگە یەکی هەڵبژارد
تاوێ بێ دەنگی کەوتە ناو شیوو، و د یسان
هەر گیاندارێک سەری بە ئیشی خۆی سپارد

نێچیری ئەنگاوتەی خوێناوی، شەلەشەل
وون بوو لە نێو دارستانی چڕی پڕ دار
لە دوویەوە گرتوویە شوێنەواری خوێن
پیرە ڕاوچی چەشنی گورگێکی بریندار

ڕاوچی:
گوللەم هەڵەی نەکرد ، بەڵام نەیدا لە عەرز
خەمم نییە بە هەر چۆنی بێ دێتە دەس
ڕووی کردە نێچیری بە فڕکە و چرپەچرپ
پیرە ڕاوچی ، تووڕە و بێ ئارام و وەرەس

باش ئەزانم کە ئاکامی لە ناو چوونە
بەڵام کوا؟ لە کوێ یە لاویم؟ .. بە داخەوە
هێز و چالاکیم بۆ کوێ باڵی گرت خێرا
تاکوو بە دوو هەنگاو بیگرم بە شاخەوە

گرتی شوێنی خوێنی تازەی نێچیرەکەی

به فڕکە هەڵ دەهات و خۆرپەخورپی دڵ

به کۆڵه پشت و خەنجەر و تفەنگەوە

خۆی دەکێشا بەرەو نێچیری پڕ به دڵ

ڕاوچی:

ها زۆر چاکه ، به بزەیەک گەشایەوە

پشکووت ڕوومەتی به خوێنی شادمانی

بەڵام لاقی له بەردێ گیری کرد و کەوت

خەندەی لێوی کۆ کردەوە ، کۆخەکانی

ها زۆر چاکه ، هاته سەر ڕێم هاته سەر ڕێم

ئەم ڕێگە ڕاست ئەیبا بەرەو قووڵایی شیو

بەڵکوو له ناو ڕێدا له ناو بچێ، بەڵام

بریا بکەوتایەته پێی تاڤگەی تەزیو

کۆڵه باری منه ، بەڵام ئەو دەیکێشی

هەر چەند چارە ڕەش ، باری خۆی ناوە له پشت

خۆزیا برێ هێدی ئاوێتەی مەرگ ئەبوو

تا کوو بەری ڕەنجم ساکار بگرم له مشت

دەبێ زووتر هەڵێم و، دەستی دایە کۆڵ

تفەنگی بێ تیر و کۆڵه باری جێ ما

فیشەکدانم با بەتاڵ بێ ، خەنجەری مشت

به پشتیوانی ئەو، چی نایێته ڕێما

❊❊❊❊❊❊❊❊

پڕ پێچ و سەخت و دوور ، نیوە ڕۆژێ ڕێگا

وێنەی تۆمار لە بەر پێیدا کرایەوە

تۆمارێ کۆن  کە دێڕێکی سووری تازە

بەسەرهاتێکی نووسیوە  بەلایەوە

تۆمارێ کۆن کە لەم باس و بەسەرهاتە

گەلێ جاران لە سەر سینگی دا نووسراوە

چەن ڕاوی زامار و چەن ڕاوچی بەختیار

هەر کام بە وێنەیەک لە ڕووی دا ، نەخشاوە

چەن جێگە  پێی تازە کە وا سڕیویەتی

بێ گوێ پێ دان بە خۆڵ و بە هەژگ و گەڵا

چەن ڕێبواری بێ دەنگ کە دیویە  سرک و گورج

چەن ڕێ پێوی هیلاک و ترساو لە بەڵا

ئێستا چ باکێکی لە  پیری ماندووە

نێچیرێکی زامدار بە چۆڕە چۆڕی خوێن

تاکە ڕێگای ئەوە ڕێگای بەرەو تاڤگە

نە شاد و پەرۆشە نە خۆش و مل بە کوێن

❊❊❊❊❊❊❊❊❊

لە هاتوو چووی دەماودەمی کاتەکانا

بەیان بوو بە  پاش نیوەڕۆی دوور و درەنگ

باوێشکێکی کێشا، هەستا و کلکی تەکاند

دیارە دیسان بۆنێکی کردووە پڵەنگ

بەڵێ بۆی خوێنی کردووە پڵەنگی مەست
ئەم سامناکە جوانە ، چالاک و شکۆدار
لە خۆبایی لە خۆی زیاتر نابینێ کەس
لووتکەی چیا دەگرێ کە مانگ بێنێتە خوار

شەڕانی یەک کە زەبری دەست و پەنجەکەی
لە عەرز ئەدا وەکوو منالێ ، وشترێ
جیا لە شێر ، فیلە ، بوێرێکی بوێ
جیا لە ئاو خوێنە بخوازێ هۆگرێ

دیارە ئێستا بۆنێکی کردووە و سرووشت
گەلاڵەی هێرشێکی بۆ دا ئەڕێژێ
بە گوێی هەڵدراو ، کلکی لە بۆشاییدا
چەندەها هێڵی سامناکی پێ ئەکێشێ

ئێستا بە دووی بۆندا هەڵدێ هەر بەو چەشنە
لە گورگ هەڵدێ، کەروێشکێ ترسەنۆک ، لە پڕ
پەڕاوی سەوزی تاکە، تا حەکایەتێ
بە دێڕی سوور تۆمار بکا، جەنگەڵی چڕ

❊❊❊❊❊❊❊❊❊

کۆساری ڕۆژئاوا قوبەی کەلاتی خوێن
خۆرەتاو پڕ کڵپە و بڵێسە دار و سوور

هێندەی نێوان نەمابوو خۆر و لووتکەی کێو

تا ڕۆژ ئاوا بێت و تاریکی بێتە ژوور

پیرە ڕاوچی  هەناسە سوار ، بە هانە هان

بە عاستەم ئەڕۆیی و هەنگاوی هەڵ دەگرت

ڕاوەکەی لە بەر پێی تاڤگە ڕا کشابوو

چل هەنگاوی دیکە لە ئامێزی دەگرت

هەر چەن هیلاک بوو بەڵام شاد و بێ ئارام

ئێستا خۆرەتاوی ئامانجی هەڵ دەهات

خواستەکەشی وا بوو لە داهێنەری چەرخ

کە بەرهەمی ئاواتەکەی بکا خەڵات

ئێستا کە ڕەوتی ڕۆژ بەرەو ئاوا بوونە

ڕاوەکەی کەوتووە لە سەر ڕێی تاڤگە دا

تاوێکی دی دێتوو خاوێن دەیشواتەوە

بە دەستی لێهاتووی لە بەر پێی تاڤگەدا

********

لە پڕ بیستی گرمە و شریخەیەک لە نوا

ئەوسا زەبری دەستێ ، کە لێی بری نەفەس

هاوارێک و تەکانێکی لێ دا بەڵام

ئیتر ڕابوردبوو ، مەودای نەمابوو بەس

کەف چەرێن و تووڕە و بێ مەودا و بە هاوار

بەو چەشنە کە سێڵاو پەتێ شل ئەپسێنێ

پڵەنگ لە ژوور سەری وەستابوو ئەیدڕی

هەر وا کە گورگ سکی مەڕێکی ئەدڕێنێ

شەرمی ئاسۆ پەڕی لە ڕواڵەتی ئاسمان

سامناکی ڕەش زاڵ ئەبوو  بە سەر ئاسۆدا

شەو بە چەشنی مارێ دەخزا و دەهاتە  پێش

تا دارستان پەردەی خەو  بدات بە خۆدا

هەنووکە  پاڵی لێ داوە پڵەنگی تێر

وێنەی مەلێکی ئاسوودە لە هێلانە

دەلێسێ، دەچێژێ ، دەمژێ  و بێ ئاگایە

سەرگەرمی خاوێن کردنەوەی دەم و ددانە

خوێناوی و هەڵدڕاو ، بە وێنەی پێڵاوێک

لەو لاوە کەوتووە پاشماوەی پەیکەری

دەستێ جیا لە باسک و پایێ لە مەچەک

لە شوێن خۆیدا  نەماوە  گەردن و سەرێ

دەستی بێ باسکی ڕاوچی پیر  کە کاتی شەڕ

پەنجەی هە ڵێناوەتە سەر شانی پڵەنگ

وا، نیوە تاکە و با ،  لە چنگی ئەڕفێنێ

ئەو چنگە پەشمەی وا بە چنگی هات لە جەنگ

خشڵی قامکی ئەو ئەنگوستیلەی کە بوو
ئەڵقەی تەلی ساکار و پیرۆزەی نگین
پیرۆزە ئاقێقە و زێوەکەی زێڕی سوور
بڕوانە سەرسامیی ئیکسیری ڕاستەقین

لە توێی ئەڵقە و قامکیدا بە جێ ماوە
لە چنگە موو ، تاڵی ، کە با ئەیشەکێنێ
ئەمە دوایین تاڵانی هەشتا ساڵ شەڕە
کە وا لەرزی لێ دێ و شنۆ ئەیلەرێنێ

لە جێی ڕووداوەکە چڵ هەنگاو بەولاوە
نێچیری ئەنگاوتە لە خۆڵا گەوزاوە
دەمی تاکی ، بە ئاو گەییشتووە ، بەڵام
لە سەر ڕووبار گیانی شیرینی داناوە

*******

بە سەر بەردێکا دێتە خوار تاڤگەی زێوین
مرواری پرژێنە ، بە بەرگی شۆڕەوە
هەزار گەوهەری نوێ لە ئامێزی تاڤگە
پێ دەکەنین بە دەم دوا تیشکی خۆرەوە

جەنگەڵ ئۆقرەی لە قووڵایی شەو گرتووە
کاسە و گوێی نابیسێ ، چاویشی نافرێ
سەوزە پەری لە باوەشی دێوی ڕەشا
بە سەرهاتە خوێناوی یەکان ، لە یاد ئەسرێ